گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/80fmra38

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 20/06/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 20/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# ڕێنماییکاری پەروەردەیی و ئاڵنگارییەکانی کارکردن لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت

**ئاشنا سلێمان عبداللە[1] - نجاة محمد فرج[2]**
najat.faraj@univsul.edu.iq - ashna.abdulla85@gmail.com
[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامانجی سـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: تێگەیشـتن و خسـتنەڕوی ئەو ئاڵنگارییانەی دێنە بەردەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، لە پرۆسـەی هاوکاریکردن و کارکردن لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویسـتی تایبەت لە خوێندنگەکاندا. جەختکردنەوە لەسـەر ئەم ئامانجەش لە گرنگی ڕۆڵی ڕێنماییکاری پەروەردەییەوە سـەرچاوەی گرتوە، لە هاوکاریکردن و گەشـەپێدانی توانای خوێندکاری خاوەن پێداویسـتی تایبەت. بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا ڕوبەڕوی چەند ئاڵنگارییەک دەبنەوە، کە ئەم توێژینەوەیە تیشـکی خسـتۆتە سـەر دیاریکردنی ئەو ئاڵنگارییانە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە جۆری (توێژینەوەی چۆنایەتی) (Qualitative Research)، کە میتۆدی شـیکاریی بابەتی بۆ شـیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهاتوە، کە لە ڕێگەی ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، چاوپێکەوتنەوە (Interview) بەدەسـتهاتون.کومەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی سـنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. لەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێگەیشتوە بریتین لە: (تێنەگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکار، نەبونی هەماهەنگی لە نێوان تیمی کار، دابیننەکردنی پێداویسـتییە مادییەکان، پێنەدانی مافە داراییەکان، نەبونی هاندان و پێزانین، نەبونی خولی ڕاهێنان). هەروەها ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە ئەدای پیشـەیی خودی ڕێنماییکاری پەروەردەیی (نەبونی ڕەزامەندی پیشـەیی، کەمی ئەزمون و شـارەزایی). لە کۆتایشـدا ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە خێزانی خوێندکاری خاوەن پێداویسـتی تایبەت کە بریتین (قبوڵنەکردن و شـاردنەوە،کەمی هۆشـیاری و نەبونی زانیاری لەسـەر حاڵەتەکان).

**کلیلە وشەکان:** ئاڵنگاری، ڕێنماییکاری پەروەردەی، خوێندکار، خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت.

# Educational Counsellor and Challenges in Working with Special Needs Students

**Ashna Sleman Abdulla[1] - Najat Mohammed Faraj[2]**
[1+2]Department of Sociology, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This study aims to examine the social challenges faced by educational counsellors in developing the skills of students with disabilities within school settings. The emphasis on this objective arises from the pivotal role that educational guidance plays in supporting and enhancing the abilities of students with disabilities. Despite its significance, the implementation of this role is hindered by a range of challenges, which this research seeks to identify and analyse. Adopting a qualitative research design, the study employed thematic analysis to interpret data collected through in-depth interviews. Findings reveal three main categories of challenges. First, administrative challenges include a limited understanding of the counsellor's role, inadequate coordination within work teams, insufficient material resources, a lack of financial rights, minimal incentives or recognition, and the absence of professional training opportunities. Second, challenges related to the counsellor's professional performance, such as low job satisfaction and insufficient experience or expertise. Finally, challenges linked to the families of students with disabilities, encompassing non-acceptance or concealment of the disability, limited awareness and access to information, and students' resistance to instructions.

**Keywords:** Challenges, Educational Counseling, Student, Students with Disabilities.

## پێشەکی:

کێشـەکانی کەسـانی خاوەن پێداویسـتی تایبەت، لە تەواوی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، بە کێشـەی کۆمەڵایەتی و ئاکاریی دادەنرێن. هەروەك ئەم کێشـانە ڕەهەندی ئابوری و تەندروسـتی و دەرونییان هەیە و ڕوبەڕوی بەشـێك لە تاکەکان و خێزانەکان دەبنەوە، کە دواجار بەشێکن لە کۆمەڵگا. بەڵام گرنگیدانی نێودەوڵەتی بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دەیەکانی کۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا بە شـێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە. ئەگەرچی هیچ بوارێکی کارکردن خاڵی نییە لە کێشـە و بەربەسـتی جیاواز، بەتایبەت کایەی پەروەردە یەکێکە لە بوارە پیشـەییەکان، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا. لەناو ئەم سیستەمەدا خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆرتر ڕوبەڕوی کێشـە و ئاستەنگ دەبنەوە لە گونجانی کۆمەڵایەتی و فێربونی کارامەییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشـــدا هەمو خوێندکارێکی خاوەن پێداویســـتی تایبەت لە توانایدایە پەرە بە تواناکانی بدرێت لە ڕێگەی فێرکردن و هاندان و ئاراســـتەکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ســـەرچاوەی داهێنان و بەرهەمهێن بن، نەك بارگرانی بۆ ئەوانیتر. لێرەوە ڕێنماییکاری پەروەردەیی ئەرک و بەرپرسـیارێتییەکانی دەسـت پێدەکات، کە کار دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو ئاســـتەنگ و هۆکارە جۆراوجۆرانەی ڕێگرن لە پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەکان.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ فراوانکردنی ڕوانین و دیدگای توێژەر لە دیاریکردنی سنوری توێژینەوە و ئاراستەکردنی ڕێڕەوی توێژینەوە، بەشێوازێکی دروست و زانستی. خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەمیشە پێویستیان بە کەسانێکی شارەزا و تایبەتمەند هەیە بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانیان، تا بتوانن لەگەڵ دۆخی خوێندن و کایەی کۆمەڵایەتیدا بگونجێن و پێداویستییەکانیان دابین بکەن. لەوبارەیەوە ڕێنماییکاری پەروەردەیی کەسێکی پیشەیی و تایبەتمەند و ڕاهێنراوە بۆ هاوکاریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و گەشەپێدانی تواناکانی، بەڵام ئاشکرایە ئەم کارەی بەبێ گرفت و بە ئاسانی ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا توشی بەربەست و ئالنگاریش دەبێتەوە. هەربۆیە لەپێناو تێگەیشتن لەو ئالنگاری و بەربەستانەی دێنە بەردەم ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە پرۆسەی گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی یەکێکە لە ڕێگا دروستەکان؛ بەتایبەت ئالنگارییە کۆمەڵایەتییەکان. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی پراکتیکی سەرنج دەخاتە سەر هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە: ئەو ئاڵنگارییانە چین، کە دێنە بەردەم ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە میانەی کارکردنی لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەکاندا؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ڕەوتی پەروەردەی سەردەم گرنگییەکی زۆر دەدات بە دۆخی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، هەر لە تێکەڵکردن و گونجانی لەگەڵ ژینگەی خوێندن و ژینگەی کۆمەڵایەتییەکەی، تا هاوکاریکردن و گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی تواناکانی. لەم نێوەدا ناکرێت باس لە پەروەردەی مۆدێرن و پێشکەوتو بکەین بەبێ تیشك خستنەسەر گرنگی و بایەخ و پێویستیبونی ڕۆڵی ڕێنماییکاریی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا. چونکە خوێندنگە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە و تێیدا گەشە بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاك دەدرێت، کە ڕۆڵی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەم دامەزراوەیەدا بایەخدار و بەرچاوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکەوە لەو ئاڵنگارییانە تێبگات، کە دێنە بەردەم ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە میانەی کارکردنی لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت. لەلایەکی ترەوە، توێژینەوەکە دەتوانێت سود بە پسپۆڕان و پلاندانەرانی وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسانی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بگەیەنێت لە ڕێگەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

- تێگەیشتن و خستنەڕوی ئەو ئاڵنگارییانەی دێنە بەردەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، لە میانەی کارکردنی لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەکاندا.

**یەکەم: دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوە زانستییەکان**

**١-ئاڵنگاری (challenges)**

لە فەرهەنگی وشەنامەی هەورامی- کوردی ناوەڕاست دا، وشەی ئاڵنگار، ئاڵنگارە بە واتای (دەستەویەخە، دەستەویەخەیی) ئاماژەی پێکراوە (فرج، ٢٠١٠: ٣٧).

**پێناسەی (فرج: ٢٠١٩):** ئەو ئیرادە (بوێرییە) بەهێزەیە، وا لە تاك دەكات سور بێت لەسەر ئەو مەبەستەی هەیەتی، هەروەها ئارامگرتنە لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەروی دەبێتەوە لە پێناو گەیشتن بە ئامانج. بەم پێیە ئەرکێك یان دۆخێکە، کە تواناکانی مرۆڤ تاقی دەکاتەوە. **ئاڵنگارییەکان**: بریتین لە پێشهاتەکان، گۆڕاوەکان، سەختییەکان، کێشە و بەربەستەکان، کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و ناوچەیی سەرچاوە دەگرن، کە مەبەست لێی مانەوە و بەردەوامبون و بەهێزبونە (فرج، ٢٠١٩: ٤٧٠).

لەم توێژینەوەیەدا پێناسـەی ڕێکاری بۆ ئاڵنگاری بریتییە: لەو کێشـە و سـەختی و ئاسـتەنگە کۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕوی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی دەبێتەوە لە پرۆسـەی گەشـەپێدانی تواناکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویسـتی تایبەت، لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

**٢-ڕێنماییکاری پەروەردەیی (Educational counselor)**

**پێناسـەی (وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، ٢٠٢٢):** ڕێنماییکاری پەروەردەیی ئەو فەرمانبەرەیە کە خاوەن پسـپۆرییە لە یەکێك لە بوارەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕێنماییکردنی پەروەردەیی، کاری کۆمەڵایەتی یان هەر پسـپۆرییەکی هاوشـێوە و ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و هۆشـیاری کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکاندا لە ئەسـتۆ دەگرێت، بۆ چارەسەری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی یان ڕەفتارییەکانی قوتابییان و خوێندکاران ڕادەسپێردرێت (وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢: ٣).

**پێناسـەی (العامری: ٢٠١٥):** ڕێنماییکاری پەروەردەیی ئەندامێکی سـتافی خوێندنگەیە لە ڕوی زانسـتی و پێداگۆژییەوە شـارەزایی هەیە، بۆ ئەوەی کاری ڕاوێژکاری و ڕێنماییکردن لە خوێندنگەدا پراکتیزە بکات، لە کێشـە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ڕەفتاری خوێندکاران دەکۆڵێتەوە، تاوەکو یارمەتی خوێنکاران بدات لە دۆزینەوەی چارەسـەری گونجاو، هەروەها هەوڵدەدات بۆ دەرخستن و گەشەپێدانی توانا و لێهاتوییە زانستییەکانی خوێندکاران (العامري، ٢٠١٥: ٥٣٨).

**پێناسـەی (کۆمەڵەی کۆمەڵناسـان و دەروونناسـانی کوردسـتان، ٢٠١٣):** پسـپۆڕێکە لەبواری زانسـتە پەروەردەییەکاندا، گرنگی و بـایەخ بە چاودێریکردنی ئەو کەسـانە دەکات، کە پێویسـتیان بە ڕێنمـایی هەیە. جگە لەوەش کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسـڵەتی هەیە کە لە پسـپۆڕانی بوارەکانی تری جیا دەکاتەوە (کۆمەڵەی کۆمەڵناسـان و دەروونناسـانی کوردستان، ٢٠١٣: ٧٨).

لەم توێژینەوەیەدا پێناسـەی ڕێکاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەم جۆرە دەکەین: توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، کاری کۆمەڵایەتی یان هەر پسپۆرییەکی هاوشێوە لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی دەگرێتەوە، کە لە وەزارەتی پەروەردە بەپێی فەرمـانی وەزاری ژمـارە (١٤٠٨٨) لە ڕێککەوتی (٢٧/ ٨/ ٢٠١٩) لەژێر نـاونیشـانی ڕێنمـاییکاری پەروەردەیی کاردەکەن و، مـامەڵە لەگەڵ خوێنـدکارانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت دەکەن، بەئامـانجی هاوکاریکردن و گەشەپێدانی تواناکانیان.

**٣-خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت (Special needs Students) :**

**پێناسەی (الدخیل، ٢٠١٢):** زاراوەیەکە دەدرێتە پاڵ ئەو منداڵانەی، کە توانا ژیری و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکەیان نا ئاسـاییە، یان سـنورداره. لەبەرئەوە پێویسـتیان بە شـێوازێکی جیاواز و تایبەت لە پەروەردە و فێرکردن هەیە، بە ئامانجی ئەوەی سـود لە تواناکانیـان وەربگیرێت لە ڕێگەی بەرنـامەکانی ڕاهێنـانی پەروەردەییەوە. ئەم چەمکە تەنهـا بۆ ئەو خوێندکارانە سـنوردار نییە، کە خاوەن پێداویسـتی جەسـتەیی، دواکەوتویی ژیریی، یان شـڵەژانە دەروونییەکانیان هەیە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ خوێندکارانی بەهرەمەند و ئەوانەی توانایەکی جەستەیی نائاساییان هەیە (الدخیل، ٢٠١٢: ٨٨).

**پێناسەی (سلیمان، ٢٠١٤):** ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو خوێندکارانەی، کە توانا و ئەدای کارکردنیان لە ناوەند کەمترە، لە لایەنە ڕەفتارییەکان، یان توانا و لێهاتوییەکان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسـەر دەسـتکەوتە ئەکادیمییەکانیان (نمرە) و هەروەها تێکچونی ڕەفتار و گونجانی کۆمەڵایەتی و شڵەژانی دەروونی دەبێت (سلیمان، ٢٠١٤:١٦٥-١٦٦).

**پێناسـەی (وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، ٢٠٢٢):** ئەو قوتابی و خوێندکارانەن، کە بە هۆکاری تەندروسـتی، دەروونی، یان فیزیکی بەبێ بایەخپێدانی تایبەت ناتوانن چالاکییە ڕۆژانەکانی پرۆسـەی خوێندن هاوشـێوەی هاوپۆلەکانیان ڕایی بکەن (وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢: ٤).

لەم توێژینەوەیەدا پێناسەی ڕێکارپی بۆ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بەم شێوەیە دەکەین:
خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت؛ ئەو خوێندکارانەن، کە لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) دەخوێنن و کێشەیەکی (تەندروستی، دەروونی، یان فیزیکی)یان هەیە و ناتوانن بەبێ هاوکاری کەسانی تر ئەرکە زانستییەکانیان ئەنجام بدەن.

## دووەم: ئەدای پیشەیی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (ڕۆڵ و ئاڵنگارییەکان)

### تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Role Theory):

ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە و بە یەکێك لە تیۆرە مۆدێرنەکانی کۆمەڵناسی دادەنرێت. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە؛ ڕەفتاری تاك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و پێگە و شوێنی کۆمەڵایەتی تاك پشت بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانە دەبەستێت، کە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێت. چونکە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لەخۆگری ئەرك و مافە کۆمەڵایەتییەکانە.

ئەو ڕۆڵەی تاك دەیگێڕێت ئەرکەکانی دیاریدەکات، هەرچی مافەکانییەتی ئەوا ئەو ئەرك و کارانە دیاری دەکەن، کە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدات. هاوکات تاك کۆمەڵێك ڕۆڵی لە دامەزراوە جیاوازەکان هەیە، ڕۆڵەکانی لە ناو یەك دامەزراوەشدا یەکسان نین بەڵکو جیاوازە. ڕۆڵ بە یەکەی بونیادی دامەزراوە دادەنرێت، دامەزراوەش یەکەی بونیادی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. جگە لەوە ڕۆڵ، وێستگەی بەیەك گەیشتنی نێوان تاك و کۆمەڵگەیە (حەسەن، ٢٠١٢: ١٩٥). بەڵام هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە بواری کۆمەڵناسی، لە هزری کارلێکی هێماییەوە داتاشراوە و لە جیهانی هزری کۆمەڵایەتیدا ڕەوتێکی نوێی گرتوەتەبەر، کۆمەڵگەی مرۆیی لە دیدی ئەم هزرەوە بریتیە لە: کۆمەڵێك پێگەو ناوەندی کۆمەڵایەتی پێکەوەبەستراو، کە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێکهاتون و ئەو تاکانەش، کە ئەو پێگەیە وەردەگرن، ئەو ڕۆڵانە دەنوێنن.

واتای کۆمەڵناسیانەی ڕۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەنثرۆپۆلۆجی ئەمریکی (ڕۆلف لینتۆن) Ralph Linton (١٨٩٣-١٩٥٣) کە ئەم زاراوە شانۆییەی بە مانای کۆمەڵناسی بەکارهێناوە، کاتێك دو کەس لە کارلێکدا دەبن، هەریەکەیان چاوەڕوانە ئەوی تر لە چوارچێوەی ئەو نۆرمەدا کاربکات کە ڕۆڵەکە بۆی دیاریکردوە (بۆدۆن، بۆریکۆ، ٢٠١٩: ٤٤٥). دواجار ڕۆڵ بریتیە لە شیوازێك لە ڕەفتار و کردارەکان کە تاك بەشێوەیەکی مەبەستدار یان بەڕێکەوت فێریان دەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانی (رشوان و الاخرون، ٢٠٠٤: ٣٤).

لەلایەک تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ تاکە کەس ئەوەیە کە پێگەیەک یاخود چەندین پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتیدا بە دەستدەهێنێت و ڕۆڵی ئەو پێگانە دەگێڕێت. لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی نواندن، یان پراکتیزەکردنی چاوەڕوانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکەوە، دەوەستێتە سەر توانای تاك بۆ مومارەسەکردنی چاوەڕوانییەکانی ئەو ڕۆڵە (خلیل، ٢٠٠٩: ٢٧٤).

هەروەك ئەم تیۆرە پشت بە چەندین پرەنسیپی گشتی دەبەستێت، لێرەدا بەکورتی هەندێکیان دەخەینە ڕو: بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت و، هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش بۆ چەندین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت. هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە خۆگری کۆمەڵێك ئەرك و مافە کە تاك ئەنجامیان دەدات، بە پێی توانا و شایستەیی و شارەزایی و ئەزمون و کەسایەتییەکەی، دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەوا تاك کۆمەڵێك مافی مادی و مەعنەوی وەردەگرێت. کە پێویستە ئەرك و مافەکان یەکسان بن. ئەوکاتەی دامەزراوەیەك ئەرکەکەی خۆی بەشێوەیەکی باش و بە لێهاتویی دەگێڕێت، بەشێوەیەك هیچ دژپێکییەك لە نێوان ڕۆڵەکاندا نەبێت،

ئەوا ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان تەواوکارین لە دامەزراوەکەدا. بەڵام ڕۆڵەکان دژیێکییەك دەبن و لە ململانێدا دەبن، کاتێك دامەزراوە ئەرکەکانی خۆی بەشێوەیەکی باش و بە لێهاتوویی ئەنجام نادات (الحسن، ٢٠٠٥: ١٦٤).

**١-ئەدای پیشەیی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە خوێندنگەکان:**

ئەدای پیشەیی بەو کردارە پیشەییانە پێناسە دەکرێت، کە ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەگەڵ یەکەکانی کارکردن ئەنجامی دەدات، بۆئەوەی تواناکانیان بۆچارەسەرکردنی کێشە و پێداویستییەکانیان زیاد بکەن، لە ڕێگەی کۆمەڵێك چالاکی پیشەیی جیاواز و هەمەجۆر (منصور، ٢٠٠٦: ٨٩). یان توانای ڕێنماییکاری پەروەردەییە بۆ بەکارهێنانی زانیاری و شارەزاییەکانی کە لە ماوەی ئامادەکاری پیشەییدا وەری گرتوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی کێشە جۆربەجۆرەکانی پەیوەست بەو بوارەی کە کاری تێدا دەکات. هەروەها بەرپرسە لە پابەندبون بە بەها و پرەنسیپ و میتۆدە پیشەییەکانی بواری پەروەدە و توانا و شارەزایی کارکردنی هەیە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا لەگەڵ کۆمەڵە جیاوازەکان(المعاطی، ٢٠٠١: ٢٣٣). ڕۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگەکان بۆئەوەی بتوانێت ببیتە تاکێکی بەرهەمهێن و گەشەسەندو، هەروەها هاوکاری و پاڵپشتی خوێندکار و خێزانەکەی بێت بۆ تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان کە دەبنەهۆی خاوکردنەوەی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنیان (ابراهیم، ٢٠٢٢: ٨).

**توخمەکانی ئەدای پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەم پێکهاتانەی خوارەوە دیاری دەکرێت:**

**أ- بنەمای زانیاری**: زانست و زانیارییە پیشەییەکان یارمەتی ڕێنمایکاری پەروەردەیی دەدات لە گەشەپێدانی ئەدای پیشەییەکەی، بۆیە پێویستە پشت بە مەعریفە و زانست ببەستێ بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ و پاڵنەرەکانی، ئەویش بریتییە لە زانست و زانیاری و لێهاتوییەی، کە لە ڕێگەی ئامادەکردنی زانکۆیی و کردارە پراکتیکیەکانی ڕاهێنانەوە وەریدەگرێت (السنهوري، ١٩٩٧: ٢٠٥).

**ب- بنەمای شارەزایی و لێهاتویی**: بریتییە لە توانای ڕێنماییکاری پەروەردەیی بۆ بەکارهێنانی تیۆرەکان و زانیاری و ئەزمون و پرەنسیپ و بەها پیشەییەکان بۆ پەرەپێدانی ئەدای پیشەیی خۆی لە بواری پراکتیکدا، بۆ بەدەستهێنانی پرۆسەی هاوکاریکردن بۆ هەمو ئەو بوارانەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، بە شێوەیەکی ئاسان و بە کاتێکی کەم. هەروەها مانای هەڵبژاردنی هۆشیارانەی زانیاری پەیوەست بە بەرپرسیاریەتی پیشەیی داوا کراوە لە ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە گوێرەی سروشتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پیشەییەکانی بە شێوەیەکی گونجاو (الغزاوي، ٢٠٠٤: ٣٢٩).

**پ- بنەمای بەهاکان:** کۆمەڵێك بیرو باوەڕ و پێوەرە، کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی وەریدەگرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. بەها پیشەییەکان یاسای گشتین بۆ بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوت و کرداری ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە دەبنەهۆی بەرزکردنەوە و چالاککردنی ئەدای پیشەیی و سەرجەم چالاکیەکانی ئاراستە دەکات بۆ بەرەوپێش بردن و چارەسەی کێشەکان و، زیاتر گەشەپێدانی توانا و لێهاتوییەکانی بۆئەوەی کاریگەری هەمو ئەو ئاڵنگاریانە کەم بکاتەوە کە بەربەست بۆ ئەدای پیشەییەکەی دروست دەکەن. کاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە توندی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا پراکتیزە دەکرێت، بۆیە بەهاکان جیاوازترین پێکهاتەی پراکتیزەکراون کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، چونکە بەهاکان لە کلتوری کۆمەڵگە و ئایدیۆلۆژیا زاڵەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت (عبدالحمید، ٢٠٠٣: ٤٧٨).

**٢- ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:**

ڕێنماییکاری پەروەردەیی یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی تیمی تواناسازی و چاکسازی لە بواری خوێندکاری خاوەن پێدایستی تایبەت، ئەم ڕۆڵە بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی پرۆسەی چاکسازی، کە تێیدا ڕێنماییکار کار لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات لە قۆناغە جیاوازەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتیدا، هەروەها کار دەکات لەگەڵ خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی خۆگونجاندنیدا، هەروەها کار لەگەڵ کۆمەڵگە دەکات لە قۆناغە جیاوازەکانی قبوڵکردنیدا. واتە ڕۆڵی لەسەر سێ ئاست هەیە کە ئەمانەن:

أ- **ڕۆڵی لەگەڵ خوێندکار**:

یارمەتی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات بۆ قبوڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەتی خۆیان، هەروەها کەم کردنەوەی هەستی نەرێنیی کە دەبێتە هۆی دروست بونی ئاڵنگاری لە بەردەم دەرکەوتنی توانا و لێهاتوییەکانیان. هەروەها بیرکردنەوەی زانستی سەبارەت بە کێشەکانیان بۆ ڕەخساندنی باشترین هەل و مەرج بۆ بە کۆمەڵایەتی بونیان و دابینکردنی چەند چالاکییەکی ئامانجدار (سرحان، ٢٠٠٦: ٤٤٣). هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا یارمەتیدانی خوێندکار بۆ ئەوەی بتوانی بە شێوەیەکی گونجاو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکەدا دروست بکات و بگونجێ لە ڕێگەی یارمەتیدانیان بۆ سەلماندنی خۆیان و، پەیوەندییەکی باش و پۆزەتیڤ لەگەڵ دەوروبەریان دابمەزرێنن و بەرگەی نەهامەتی و ناخۆشییەکان بگرن(ربیع، ٢٠٢١: ١٩-٢٠).

دابینکردنی چاودێری گونجاو بۆ خوێندکاران و ڕێنمایی کردنیان بۆ بەشداری کردن لە چالاکییە جۆر بە جۆرەکان کە بگونجێ لەگەڵ تواناکانیان بۆ بەدەستهێنانی گونجاندنی کۆمەڵایەتی باشتر لە کۆمەڵگەدا (الببلاوي، ٢٠١١: ٢٣١). پاشان هەوڵدان بۆ سودوەرگرتن لە توانا و سەرچاوە مرۆیی و مادییەکانی بەردەست لە ژینگەی خوێندنگە بۆ باشترکردنی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان لە خوێندنگەکەدا بە ئاراستەی هاوکاریکردنی خوێندکار و دواجار کارکردن بۆ دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر بڕیارەکانی خوێندنگە لە بەرژەوەندی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت. هەروەها پێدانی زانیاری بۆ مامۆستایان سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و جۆرەکانیان بەمەبەستی گرنگیدان و مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵیاندا لە ڕێگەی سیمینار و پرۆژەی زانستییەوە (العقيلي، ٢٠٢٢: ٢٦٠).

**ب- ڕۆڵی لەگەڵ خێزانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:**

یارمەتیدانی خێزان بۆ تێگەیشتن و قبوڵکردنی خوێندکارەکە بەو جۆرەی کە هەیە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی تایبەت بۆ کەم کردنەوەی شۆکی حاڵەتەکە و کاردانەوەکانی دواتری. هەروەها پێدانی زانیاری بە خێزان سەبارت بە خوێندکارەکە و پێداویستییەکانی و چۆنیەتی هاوکاری کردنی لە ڕوی کۆمەڵایەتی و دەرونی و، هاوکاری کردن و پاڵپشتیکردنی خێزان بۆ ئەوەی بتوانێ پرسیاریەتی پەروەردەکردنی منداڵەکەی لە ڕوی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەرونییەوە لە ئەستۆ بگرێت، لە ڕێگەی پێدانی چەند زانیارییەک سەبارەت بە خۆ بەدور گرتن لە هەمو بیرکردنەوە نەرێنییەکان سەبارەت بە منداڵەکەیان (بوستة، ٢٠١٨: ٢٧).

**٣- تایبەتمەندییەکانی ڕێنمایکاری پەروەردەیی:**

ڕینماییکار پەروەردەیی؛ کەسێکە تایبەتمەندی و شارەزایی تاکە کەسی هەیە، لێهاتویی پراکتیکی و زانستی هەیە، کە بوەتە هۆی ئەوەی توانای کارکردنی هەبێت لە بوارە جیاجیاکان. هەرچەندە تایبەتمەندییەکان زۆرن، بەڵام چەند تایبەتمەندییەکیان سەرەکییە، بۆئەوەی بتوانێت ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر پراکتیزە بکات، پێویستە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت:

**أ- تایبەتمەندییە کەســـییەکان**: بریتییە لە هەبونی دەروندروســـتی و توانای پێویســـتی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی بارودۆخی سەخت و توانای بڕیاردان، نەرمی نواندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستەکان بەشێوەیەك کاریگەری نەبێت لە سەر پەیوەندییە پیشــەییەکانی، هەروەها ئامادەیی هەبێت بۆ دەســتپێشــخەری و قبوڵکردنی هەمو کەس بێ گوێدانە ڕەگەز، ڕەنگ و نەتەوە (بلحنیش، ٢٠١٨: ١٧٧)

**ب- تایبەتمەندی زانستی و کرداری**: توانای ڕێکخستنێکی مەعریفی باشی هەبێت لە نێوان زانیارییەکانی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و زیرەکی خودی؛ بەتایبەتی زیرەکی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی توشی کەلێنی زانســـتی نەبێت پێویستە ئامادەکردنێکی ئەکادیمی و پیشەیی باشی هەبێت تایبەت بەم بوارە (خلیفة، ٢٠١١: ٥٥).

**پ- تایبەتمەندی پیشەیی**: کۆمەڵێك بەها و ڕەوشتی پیشەییە، کە دەبێت پێوەی پابەند بێت، وەکو باوەڕبون بە ئازادی مرۆڤ و مافی پیادەکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، هەتا ئەوکاتەی ئەمە ناکۆک نەبێت لەگەڵ ڕێســـا و یاســـاکانی کۆمەڵگا. هەروەها باوەڕ بون بە مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی نهێنییە کەسی و خێزانییەکان، ڕێگە نەدان بە ئاشکراکردنی نهێنییەکان لە هەر بارودۆخێکدا واتە بنەمایی نهێنیپارێزی جێبەجێ بکات، ڕێز لە بیروڕا و زانیاری و ئەزمونی کەســانی تر بگرێت (ربیع، ٢٠٠٣: ٢٤).

## ٤- ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە خوێندنگەکاندا:

١- هەڵوێســتی نەرێنیی هەندێك لە بەڕێوبەری خوێندنگەکان دەربارەی کار و پیشــە و ڕۆڵی ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە زۆر جار بە مەبەســـت ناهێڵن ڕۆڵی خۆیان ببینن، بەڵکو لە جێگەی ئەوە ســـەرقاڵی وانەوتنەوە دەکرێن. چونکە تێنەگەیشــتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێک لە بەڕێوبەران پێیان وایە کاری ڕێنماییکاری پەروەردەی پەیوەندی بە دەستکەوتی ئەکادیمی خوێندکارەوە نییە بۆیە گرنگی پێنادەن (مرعی و اخرون، ٢٠٠٣: ١٠١).

٢- هەڵوێستی نەرێنی بەشێك لە مامۆستایان دوبارە ئەمەش ئاڵنگاری بۆ کاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی دروست دەکات کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە ڕۆڵ و هەست کردن بە ئیرەیی یاخود هەندێ جار ململانێی ڕۆڵ دروست دەبێت (عبدالله، ٢٠٢٠: ١٥).

٣- بەردەســتنەبونی پێداویســتییە مادییەکان تواناکانی خوێندنگە لەوانەیە ڕێگە بە بونی ژورێکی تایبەت بە ڕێنماییکاری پەروەردەیی نەدات، ڕەنگە شــوێنی پێویســـت هەبێت بەڵام بەبێ کەلوپەلی پێویســـت بێت. نەبونی ســـەرچاوەی مادی پیویست هۆکاری سەرەکیە بۆ نەتوانینی جێبەجێکردنی ڕۆڵی پیشەیی (الببلاوي، ٢٠١١: ٢٤٧).

٤- نەبونی مەیل و ئارەزوی کارکردن لەلایەن ڕێنماییکاری پەروەردەییەوە کاریگەری هەیە لەسەر بەرەو پێش چونی ئەدای پیشــەییەکەی، هەروەها نەبونی زانیاری و توانای پیشــەیی کە دوری دەخاتەوە لە پەرەســەندن و بەردەوامی پیشــەی ڕێنماییکاری پەروەردەیی (محنشي &البشري، ٢٠٢١: ٤٢٥).

٥- هەندێك لە ئاڵنگارییەکان کە تایبەتە بە خێزانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لەوانە نزمی ئاستی خوێندن و قورسی تێگەیشتنیان لە کێشەی منداڵەکانیان، هەروەها نەبونی هۆشیارییان بە گرنگی ڕۆڵی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە یارمەتیدانی خوێندکارەکەیان، هەروەها وەڵام نەدانەوەی خێزانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ داواکارییەکانی پەیوەندیدار بە خوێندکارەکە و نەهاتن بە دەم داواکارەکانەوە، لەکۆتایشــــدا هەندێک لە دایک و باوکان نایانەوێت ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەست وەردان لە کاروبارەکانیان دابکات (حبیب، ٢٠٠٨: ٧٦).

## سێیەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

**١-جۆری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە جۆری (توێژینەوەی چۆنایەتی) (Qualitative Research) بە شـــێوازی کەشـــفی (دۆزینەوەیی) شـــیکاری، مەبەســـت لە شـــێوازی کەشـــفی (Exploratory Researches) ئەو شـــێوازەیە کە توێژەر بەکاریـدەهێنێـت بە مەبەســـتی دۆزینەوەی لایەنەکانی دەوروبەری دیاردەیەك، بەجۆرێك بتوانێت پرسـیارەکانی بەدروسـتی دابڕێژێت (عماد، ٢٠٠٧: ٢٣). هەندێك لە دیاردە یان کێشـە یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە چەند دیوێکی شـاراوەی هەیە کە ناتوانرێت بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بە شێوازی وەسفی یان شیکاری بدۆزرێتەوە، بەڵکو دەبێت بە شێوازی کەشفی بەدوای وێنە و مانا و کۆدەکاندا بگەڕێن و کەشفی بکەین

توێژینەوەی چۆنایەتی جۆرێکە لە توێژینەوەی زانســـتی کە گریمانەی بونی ڕاســـتی و دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکات، لە ڕێگەی تێڕوانینی تاکەکان و گروپەکانی بەشدار لە توێژینەوەکە بونیاد دەنرێت (قندليجى & السامرائى، ٢٠١٨: ٥٧).

**٢- میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا لەبەر ئەوەی ڕێچکەی پارادایمی بونیادگەری گیراوەتەبەر، بۆیە وا پێویسـتی کرد میتۆدی شـیکردنەوەی بابەت (المنهج تحليل الموضــوع) (Thematice Analysis) بەکاربهێنرێت بۆ چۆنییەتی شـیکردنەوەی زانیارییەکان. میتۆدی شـیکردنەوەی بابەت یەکێکە لە میتۆدەکانی توێژینەوە چۆنایەتییەکان، بەکاردێت بۆ پۆلێنکردن و دروســـتکردنی باس یان تەوەر لەو داتایانەی کە لە زانیارییەکانی توێژینەوەوە پوختکراونەتەوە. هەروەها ڕێگە بە توێژەر دەدات لە مانا و واتا هاوبەشەکان تێبگات و دواتر بتوانێت داتا و زانیارییەکان لە چەند مانایيەکدا کورت بکاتەوە و بگاتە شیکار و ئەنجام بۆ توێژینەوەکەی (Braun & Clarke، ٢٠٢٢: ٢٠).

هاوکات بە گرنگی دەزانین کە ئاماژە بدەین بە خاڵێك ئەویش ئەوەیە کە لێتوێژراوان ئامادە نەبون ناوەکانیان بە ئاشـــکرا بخرێتە ڕو، بۆیە لەسەر ڕەزامەندی خۆیان وەك لایەنێکی ئیتیکی تەنها بە کۆدی ژمارە ئاماژەیان پێدراوە.

## چوارەم: هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**١-کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگە ئەو شـــوێنەیە کە توێژەر توێژینەوەکەی تێـدا ئەنجـام دەدات، جـا جۆرەکەی گشـتگیر بێت بۆ هەمو ئەندامانی کۆمەڵگەکە یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نمونەیەکەوە بێت کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەوە کە دەکرێـت تـاك بێـت یـان خێزان (خمش، ٢٠١٢: ٤١٢). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی ســـنوری بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی ســـلێمانی (پەروەردەی ڕۆژهەڵات، پەروەردەی ڕۆژئاوا).

**٢-نمونەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا نمونەی مەبەســـتدارمـان بەکـارهێنـاوە، کە جۆرێکە لە نمونە وەرگرتنی نائەگەری، واتە هەلی یەکسـان لەبەردەم یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا نییە ببنە ئەندام لە نمونەی توێژینەوەدا، بەڵکو خودی توێژەر ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی تاکەکانی نمونەکە (ئەبراش، ٢٠١٣: ٣٩٢).

**٣-تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە:**

١-ئەزمونی کارکردنی هەبێت لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت.

٢-ئەزمونی کارکردنی وەك ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە دو ساڵ کەمتر نەبێت.

**٤-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** ئامرازی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیە بۆ دەســـتکەوتنی زانیاری ورد و دروســـت بۆئەوەی بتوانرێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە لێیەوە بەدەســـتبهێندرێت چاوپێکەوتنە (Interview). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەمان (المقابلة شــبه المقننه) بەکار هێناوە، بریتیە لە بونی پەیوەندییەکی کارلێککردو لە نێوان توێژەر و لێتوێژراو، بەجۆرێك توێژەر پوختەی بـابـەت و پرســـیـارەکانی ئـامـادەکردوە، بەڵام پـابـەنـدبونی تونـدی نییە

بەپرسیارەکانەوە، بەڵکو جێبەجێکردنیان پشت دەبەستێت بە چۆنیەتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لەلایەن لێتوێژراوەوە، (Anozie & Adhabi، 2017 :97-86).

## پێنجەم: خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لیرەدا ئەو ئەنجامانەی کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکەمانمانەوە لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکەمان دەستمان کەوتوە دەخەینەڕو، بەڵام نمونەی توێژینەوەکە سەرجەمیان نەیان دەویست ناویان بهێندرێت، بۆیە کۆدی ژمارەیمان داناوە لەگەڵ قسەکانیان و ئاماژە بە ناوەکانیان ناکەین بەم جۆرەی خوارەوە:

**١-هەماهەنگی لە نێوان دەستەی کارگێری و مامۆستایان و ڕێنماییکاری پەروەردەیی:** ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەبونی هەماهەنگی دەستەی کارگێری و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە چوارچێوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمی بە پێویست و گرنگە دەزانن. بەشێك لە لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە هەماهەنگی هەیە لە نێوان دەستەی کارگێری و ڕێنماییکار، ئەمەش بەهۆکار سەرکەوتنی کارەکان دەزانن لێتوێژراوێك دەڵێت: ***"پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەر و ڕێنماییکار لە چوارچیوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمی زۆر گرنگە، هەماهەنگی هەیە لە نێوانمان بۆیە ئەدای پیشەییم من زۆر باشە" (١٤).***

بەڵام بەشێك لە لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن ئەگەر هەماهەنگیەکە نەبێت کارەکان بەجۆرێك پەکی دەکەوێت کە ڕێنماییکار ناچار دەبێت خوێندنگەکە جێ بهێڵێت. لێتوێژراوێك دەڵێت ***" من لە خوێندنگەیەکی تر بوم بەڕێوەبەر هاوکارم نەبو تێنەدەگەشت لە ڕۆڵی من ئەو خوێندنگەیەم جێ هێشت، چونکە ناتوانیت ئیش بکەیت و ئاڵنگاری زۆرت توش دەبێت" (١).*** لەگەڵ هەست کردن بە گرنگی بابەتەکە بەشێکی ئەندامانی نمونەی توێژینەکە ڕایان وایە کە هەماهەنگی لە نێوان دەستەی کارگێری و ڕێنماییکاری پەروەردەیدا نییە، پەیوەندییەکە تەندروست نییە ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگێڕنەوە و باس لە ڕەنگدانەوە نێگەتیڤەکانی نەبونی ئەو هەماهەنگیە دەکەن لەسەر کارەکەیان.

ئاشکرایە ململانێی ڕێکخراوەیی پرۆسەیەکە کاتێك دەستپێدەکات کە لایەنێك بۆی دەردەکەوێت لایەنەکەی تر ئاڵنگاری بۆ دروست دەکات یاخود بەربەستە بۆ بەرژەوەندیەکانی (حلاق،٢٠٢٠: ٩٢). یان بەرکەوتن و ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە نێوان دو کەس یان دو گروپ یان زیاتر ڕودەدات. شیوازێکی ئاشکرای نییە بەڵکو شێوازێکی شاراوە یان نهێنی هەیە(عبدالجواد،٢٠١١:٤٧٥). لەبارەی ئەمەوە کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ڕالف دارندۆف) Ralf Dahrendorf (١٩٢٩-٢٠٠٩) بۆچونی وایە ململانێ دەرکەوتەی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، حەتمیەتێکە کە پەیوەندی بە بونی مرۆڤەوە هەیە، هەروەها بەرژەوەندییەکان لە توخمە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین، کە ململانێ و دژایەتی و دروست دەکات لە کەرتە جیاوازەکاندا (Dahrendorf، ٢٠١٩: ١٠٥-١١١).

هەندێك لە لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە بەڕێوەبەر هۆشیار نییە بە شێوازی کارکردنی ئەوان، باوەڕیان وایە ململانیی ڕۆڵ هەست پێدەکەن لە پەیوەندییەکەدا. ڕێنماییکارێك دەڵێت ***" بە گشتی پەیوەندییەکە تەندروست نییە لە ئاستی پێویستدا نییە ئەوان ڕۆڵ نادەن بە ئێمە، من زیاتر هەست بە ململانێی دەکەم نەك هەماهەنگی لە نێوان کارگێری و ڕێنماییکاردا " (٤).*** لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە بەشێك لە بەڕێوەبەرەکان شارەزاییان نییە سەبارەت بە ئەرك و ڕۆڵی ڕێنماییکار بەهۆی ئەوەی کە ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازە. لێتوێژراوێك دەڵێت ***" زۆر لە بەڕێوبەرەکان ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازە، نازانن ڕێنماییکار ڕۆڵ و ئەرکی چییە " (١٨).***

بەشێکێکی تری نمونەکە باس لەوە دەکەن کە مامۆستایان هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکەن بەرامبەر بە خوێندکار بەڵام زانیاری و شارەزاییان نییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکارەکەدا بۆ نمونە: **"بەشێک لە مامۆستاکان هەست بە ئازارەکانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، بەڵام زانیاری و شارەزایان نییە لە هونەری**

**مامەلەکردن لەگەڵیدا، هەندێ جار بە چاوی بەزەیی سـەیری دەکات کە ئەمەش ناهێڵێت تواناکانی بەرەو پێشـەوە بڕوات" (٦).**

سـەبارەت بە تێگەیشـتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکار نمونەی توێژینەوەکە بۆچونیان وایە تێگەیشـتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکار لەلایەن دەسـتەی گارگێڕیی و مامۆسـتایانەوە لە ئاسـتێکی خراپدایە دەرفەتی بینینی ڕۆڵیان پێنادرێت، ڕێز لەتواناکانیان ناگیرێت، لە پرسە گرنگەکاندا بۆچونیان وەرناگیرێت. ڕێنماییکارێك دەڵێت: ***تێگەیشتن نییە بۆ ڕۆڵی ئێمە، ڕێز لە توانا و هێز و ئاستمان ناگیرێت. ئەمە ڕێنماییکاری توشی سوتانەوەی دەرونی کردوە"*** (٧).

لێتوێژراوێکی تر دەڵێت:**"*هەندێك لە مامۆسـتاکان وا ئەزانن تۆ بۆ خزمەتی ئەوان دانیشـتوی، کارگێڕی خوێندنگەش وا ئەزانێ تۆ ئەبێت تەنها فەرمانەکانی ئەوان جێبەجێ بکەی ئەم تێڕوانینانە بە ڕاستی ئاڵنگارین"*** (٥).

**٢-پێداویسـتیە مادییەکان و مافە داراییەکان و هاندان و پێزانین:** نەبونی شـوێنی گونجاو بۆ کارکردن زۆربەی یەکەکانی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە ڕێنماییکاری پەروەردەی تا ئێسـتاش ژوری تایبەت بە خۆی نییە لە هەندێ لە خوێندنگەکان، پێشـیان وایە جگە لەوەی کە کاری لە لایەنی دەرونی ڕێنماییکار کردوە بوە بە ئاڵنگاری بۆ کارەکانی *لێتوێژراوێك دەڵێت:* ***" ڕێنماییکاری پەروەردەیم بینیوە لەژێر قادرمە لەگەڵ خوێندکار دانیشـتوە لە خوێندنگەیەکی (٢٤) پۆلی، ئەو هەمو ژورە هەیە بەس ژورێک بۆ ڕێنماییکار بە ڕەوا نابینن"*** (٢٧).

لێتوێژراوێکی تر ***" هەمیشـە ئەوگلەییەم هەیە، ناکرێت ئەمە ژوری ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی بێت، ئەمە جگە لەوەی کە ڕوحیەت و دەرونم ئازار دەدات، ڕێگربوە لە کارەکانم"*** (١٠).

نەبونی کەلوپەلی پێویست، بەشێك لە نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە پیداویستیە مادییەکانیان بۆدابین نەکراوە، حکومەت بەکەمتەرخەم دەبینن لەم بارەیەوە، پییان وایە کە ئەرکیان زۆرە بەڵام مافیان کەم و کورتی هەیە لێتوێژراوێك دەڵێت: ***"کەلوپەلی ژورەکە کۆنەی ئیدارەن کە لە کارکەوت دەیدەن بە من، ئێمە زۆرترین ئیش دەکەین بەڵام کەمترین ماف و پێداویستیمان لەبەردەستە"*** **(٢)**. هەندێك لە نمونەی توێژینەوەکە باس لەوەدەکەن دابینەکردنی پێداویستییە مادیەکان ناچار کردون خۆیان کەم و کورتییەکان پڕبکەنەوە.

لێتوێژراوێك دەڵێت:**"*خەتێکی پەیوەندی کردنم نییە، ئێستا بە مۆبایلی شەخسی.خۆم پەیوەندی دەکەم بە کەسوکاری خوێندکارانەوە، ئەمەش بۆتە هۆی بێزارکردن و هەراسـانکردنم، هەندێك جار لەسـەر پارەی خۆم هەندێ شـتم دابین کردوە، ئێستا خۆم موچەم نییە ناتوانم ئەمەش بکەم"*** (١).

**سـەبارەت بە مافە داراییەکان:** ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە پێنەدانی مافە داراییەکان لە چەند لایەکەوە کاریگەری هەبوە لە بەرەوپێشـچونی کارەکان، بەشـێکیان وەرنەگرتنی موچە بۆتەهۆی ئەوەی ڕێنمایکار بەدوای کاری تردا بگەڕێت و گرنگی ئەوتۆ بە کاری ڕێنماییکاری نەدەن. تاڵکۆت پارسـۆنز (Talcott Parson) (١٩٠٢-١٩٧٩) پێی وایە تاك چەندین ڕۆڵی جیاوازی هەیە، ململانێ لە نێوان ڕۆڵەکاندا ڕودەدات ئەوکاتەی دامەزراوەکان داوا لە ڕۆڵگێڕ دەکەن چەندین ڕۆڵی جیاواز بگێڕێت لە یەك کاتدا، تاکیش ناتوانێت ئەمە ئەنجام بدات بەهۆی تێکەڵ بون لە نێوان کاتەکان، یاخود سـنورداری تواناکانی تاك بەمەش تەواوکاری ناوخۆیی سـیسـتەم ڕونادات و گرفت دروسـت دەبێت (الحسن، ٢٠٠٥: ١٦٢).

بەشـێکی تری نمونەکە باس لە کاریگەرییەکی تری نەبونی موچە دەکەنەوە کە ئەویش سـاردبونەوەیە لە کارکردن و نەمانی پاڵنەرە بۆ کارکردن. ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی دەڵێت: ***" کاتێك حەق و مافی خۆم کە موچەیە لە بەرامبەر ئەرکەکانمدا وەری ناگرم بێگومان کاریگەری لەسـەرم هەبوە، سـاردی کردومەتەوە لە کارکردن بە تایبەت سـاڵی پار سێ موچەم فەوتا زۆر کاریگەری هەبو لەسـەرم"*** **(٣)**. بەشـێکی تری نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە بایکۆتی

هۆڵەکانی خوێندن یەکێکی ترە لە کاریگەرییەکانی پینەدانی مافە داراییەکان. ***"موچە کاریگەری هەیە گەورەترین کاریگەریەکەی بایکۆتە، من و خوێندکار لە ماڵەوەین ناتوانی هیچی پێشکەش بکەیت"*** (٢٠).

بەشێکی تری لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە ئەو باردۆخە داراییەی ئێستا هەی کاریگەری تەنها لەسەر ڕێنماییکار نییە بەڵکو درێژبۆتەوە بۆ مامۆستا و خوێنکار و خێزانیشی- ساردکردۆتەوە و ڕێزی خوێندنی نەهێشتوە لێتوێژراوێك دەڵێت: **"نەبونی موچە مامۆستاکەشی لە ئەرکەکەی سارد کردۆتەوە، تەنانەت کاریگەری لەسەر دایک و باوکیش کردوە ڕێزی خوێندنی نەهێشتوە کاتێک ڕێنمایی دەکەیت ئەو وەڵام دەداتەوە کە خوێندن سودی نییە و بۆ خۆی ماندو بکات" (٢٤).**

**پ-خول و پرۆگرامی ڕاهێنان:** ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە کەمتەرخەمن لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەپێدانی تواناکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەشداری خولی ڕاهێنانی پیشەییان نەکردوە لە بواری خاوەن پێداویستی تایبەت، پێشیان وایە ئەمە بۆشایی زانستی دروست کردوە بەتایبەتی ئەوانەی ئەزمونی کارکردنیان کەمە، ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی دەڵێت: ***"حکومەت کەمتەرخەمە لەم بارەیەوە، دەبێت کۆمەڵێک لێهاتوی بە شێوەیەکی خۆڕایی بخاتە بەردەم ڕێنماییکاران من بەشداری هیچ خولێکی ڕاهێنانم نەکردوە، زۆر بە گرنگی دەزانم"*** (٢٦). لێتوێژراوێکی تر دەڵێت:***" بە هۆی ئەوەی ئەزمونی کارکردنم کەمە، بەشداری خولی ڕاهێنانم نەکردوە، هەست بە بۆشایی زانستی و مەعریفی دەکەم زۆرجار توشی ئاڵنگاری دەبم، نەک هەر بۆ من گرنگە زانیاری تازە وەربگرم بەڵکو مامۆستایان و دایبابانیش پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە لەم بوارەدا"*** (١٣).

هەر لە وەڵامی لیتوێژراوانەوە تیشك دەخەینە سەر هەڵسەنگاندنی پرۆسەی تێکەڵکردنی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە پرۆسەکە بە باش دەزانن بەڵام کەم و کورتیشی- زۆرە، پێشیان وایە کە ئامادەکاری نەکراوە بۆ پرۆسەکە بۆیە گرفتی زۆرە. ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی دەڵێت: ***"ئەم پرۆسەیە ئامادەسازی بۆ نەکراوە وەکو بیرۆکە گرنگە، بەڵام بیرۆکە پێویستی بە زەمینەسازییە، سیستەمەکە چەندین خەلەلی ئیداری هەیە"*** (٣). هەروەها لێتوێژراوێکی تر دەڵێت ***"خاڵی لاوازی ئەم سیستەمە بریتییە لە حاڵەتی گاڵتەپێکردن و لەکەی کۆمەڵایەتی لەلایەن منداڵانی ترەوە، ئەمەش بە هۆی نەبونی ئامادەسازی لە ڕێگەی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە لە خوێندنگەکان"*** (٧، ٩).

**٢- ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە خودی ڕێنماییکاری پەروەردەیی**

**أ-ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی:** بەشێکی بەشداربوانی توێژینەوەکەمان بەحەز و ئارەزویەکی زۆرەوە ئەم پیشەیان هەڵبژاردوە، بۆیە ڕەزامەندن لە پیشەکە ڕێنماییکارێك دەڵێت: ***"زۆر حەزم لە پیشەکەمە هەست دەکەم بۆی دروست بوم، بەڵام هەندێ جاریش بێتاقە دەبم و بێزار دەبم چونکە پیشەکە ئاڵنگاری زۆرە"*** (١١). بەشێکی تر بەهۆی ئاڵنگارییەکانەوە باس لە ساردبونەوە و گۆڕینی پیشەکەیان دەکەنەوە. لێتوێژراوێکی تر دەڵێت: ***"زۆر حەزم لە پیشەکەی خۆمە، بەڵام ئاڵنگاریەکان زۆرساردی کردومەتەوە لە ئیش کردن بەڕاستی بیرم لە گۆڕینی پیشەکەم کردوەتەوە"*** (٢).

لێرەدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچونەکانی ڕاڵف تیرنەر (Ralph H Turner) (١٨٨٨-١٩٩٣) باشتر لەو لایەنە تێدەگەین، کە پێی وایە ناکامڵبونی تەواو لە ڕۆڵەکاندا دروست دەبێت بەهۆی هەڵبژاردنی ڕۆڵێکی خراپ لەلایەن تاکەوە، هەروەها نەبونی توانا لەلایەن تاکەوە بۆ گونجان لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە گیراوەتی (زێباری، ٢٠١٧: ١٠٣-١٠٤). بەم پێیە ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕۆڵەکەی خۆی بە ویستی خۆی هەڵنەبژاردوە بۆیە ڕەزامەندی پیشەیی نییە و ئاڵنگاری پیشەیی بۆ دروست کردوە.

بەشێکی تر لە لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە ڕەزامەندی پیشەییان نییە چونکە هەست دەکەن پەروەردە نەیتوانیوە ناونیشانێکی پیشەیی گونجاو دابنێت بۆ ڕێنماییکار تائێستا چەند جارێك ناونیشانی پیشەییان گۆڕاوە ئەمەش وەکو ئیهانە پێکردن دەبینن. لێتوێژراوێك دەڵێت: ***"لە پیشەکە لێی ڕازی نیم، پەروەردە تا ئێستا ناتوانن ناونیشانێکی دیاریکراو بۆ من دابنێن، هەست بە ئەمانی دەرونی (ئاسایشی دەرونی) ناکەم، بۆیە ئیشی دوەم دەستپێکردوە"*** (١٨). هەروەها ڕێنماییکارێکی تر: **"لە پیشەکە ڕەزامەند نیم و خۆشەویستیم بۆی نییە هەر حەزم لە کارکردن نییە لە خوێندنگە"** (١٩).

**ب- ئەزمون و شارەزایی:** لێتوێژراوان پێیان وایە ئەزمون و شارەزایی و ئامادەکردنێکی ئەکادیمی زانستی لەبواری خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت مەرجە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەییەکان بەشێوەیەکی پێویست. بەشێك لە نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە لە ڕوی ئەزمون و شارەزاییەوە ئاڵنگاریان بۆ دروست نەبوە، بەتایبەتی ئەوانەی کاری ڕێکخراوەیی دەکەن ئەمە هۆکار بوە کە دەرفەتی ڕاهێنان و کارکردن لە گەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بێتە بەردەمیان و لەو بوارەدا زانیاری وەربگرن. لێتوێژراوێك دەڵێت: ***"ئەزمون گرنگە، من کاری تر دەکەم کارەکەم لە ڕێکخراو لە هەمان پسپۆری خۆمە لەوێ خولی ڕاهێنانی تایبەتمان بینیوە بوەتە هۆی ئەوەی کە هاوکارم بێت لە کارەکانم"*** (٣).

هاوکات لەگەڵ کارکردن لە ڕێکخراوەکان و وەرگرتنی ئەزمون و شارەزاییدا، پەرەپێدانی تواناکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمی بەتایبەتی خوێندنی باڵا، بە هۆکاری پەیداکردنی ئەزمونی زیاتر دادەنرێت بۆ نمونە: ***"کارکردنم لەگەڵ ڕێکخراوەکان هۆکاری دروستبونی توانا و شارەزایی منە لە بوارەکەدا ڕاهێنانم زۆر ئەنجامداوە هەروا خوێندنی ماستەر کە ناچاری کردوم زیاتر بخوێنمەوە و ئەزمونم زیاتر بێت"*** (٧).

لەبەرامبەردا ژمارەیەك لە بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە، بەشێکی ئاڵنگارییەکان دەگێڕنەوە بۆ کەمی ئەزمون و شارەزایی لە بوارەکەدا، هەروەك کەم ئەزمونی و ناشارەزایی بە چەند هۆکارێك دەبەستنەوە: بونی جیاوازی لە پسپۆڕی زانکۆیی و بواری کارکردن، نەبونی کات، نەبونی ویستی کارکردن لە و بوارەدا، سەرقاڵبون بە کاری تر، نەبونی دەرفەتی ڕاهێنان. هەرچەندە چەندین هەوڵی تاکە کەسی هەبوە کە هەستی بە ئاڵنگارییەکان کردوە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی هەوڵە کەسییەکانیەوە بۆشاییە زانستیەکان پڕبکاتەوە بەمەبەستی تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان لەوانە:

***"ئەزمون و شارەزاییەکی زۆرم نیە، چونکە پسپۆڕی من نییە و مەنهەجی زانکۆ زۆر جیاوازە لە چاو کارکردن لە مەیدان، بۆیە ئەزمونی زانستیم نیە"*** (٦). هەروەها ***"ئەزمونم نییە چونکە حەزم لە کارکردن نییە لە بوارەکەدا، هەست دەکەم ناخۆشترین و تاڵترین ئەزمونە(٨). "ئەزمونم زۆر نییە دەکرێ بڵێم مام ناوەندە، بە هۆی نەبونی کات هەروەها پیشەیەکی تر ڕێگر بوە لە بەردەمم ئەزمون و شارەزایی زیادبکەم لەبەرئەوەی نەمویستوە پیشەی دوەم لە دەست بدەم"*** **(٢)**. بەشێکیش لە ڕێنماییکاران پێیان وایە کە ئەمە بواری کارکردنی ئەوان نییە چونکە پسپۆڕی ئەوان نییە بەڵام بوە ئەمری واقع و دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بۆیە بە پێویستی نازانن ئەزمون وەربگرن لەم بوارەدا.

**٣-ئاڵنگارییەکانی تایبەت بەخێزانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت**

**أ-قبوڵنەکردن و شاردنەوە:** نمونەی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لە خێزانەکان حاڵەتەکەیان قبوڵکردوە و لە ئاستی بەرپرسیاریەتیەکانیدایە بەرامبەر بە خوێندکارەکەی و پرۆسەکە. ئەمەش بۆتەهۆی تواناکانی خوێندکار گەشە بکات و هەندێکیان لە قۆناغی دواتر لە سیستمی پەروەردەی تایبەت بێنە دەرەوە بۆ پەروەردەی ئاسایی. لێتوێژراوێك دەڵێت: ***" بەپێی خێزانەکە دەگۆڕێت، خوێندکار هەیە خێزانەکەی لەگەڵ هاتنی بۆ خوێندنگە ڕاپۆرتە پزیشکیەکانی دەهێنێت، ئەم قبوڵکردن و پاڵپشتیە وایکردوە دوای ماوەیەك پێویستی بە پەروەردەی تایبەت نەمێنێت"*** (٢٥).

بەڵام بەشێکی نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە قبوڵنەکردن و شاردنەوە و نکۆڵیکردنی حاڵەتەکە لەلایەن خێزانەوە یەکێکە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەدای پیشـــەییان. پییان وایە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەمەش هۆکاری نەنگی و لەکەی کۆمەڵایەتییە. ئێرڤنـك گۆفمـان ffman (G. Erving (١٩٢٢-١٩٨٢) بیرمەنـدی کۆمەڵنـاسی، یـارمەتیمـان دەدات تێبگەین لەو ترسەی خێزان سەبارەت بەو تێڕوانینەی زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەربارەی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیانە. گۆفمان بۆچونی وایە **(لەکە)** وەکو ئاماژەیەك بۆ نیشانەیەکی جەستەیی کە هەمو ئەو شتانە دەردەخات کە نائاسایی و خراپن، هەروەها کەسی لەکەدار بە شەرمەزاری کۆمەڵایەتی دادەندرێت کە وای لێدەکات نەخوازراو بێت و لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە قبوڵ نەکرێت و پشتگیری کۆمەڵگە لەدەست دەدات، چونکە کەسێکی جیاوازە لە کەسانی تر و ئەمەش لە یەکێك لە خەسڵەتە جەستەیی یان ژیریی و دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانیدا دەردەکەوێت. کەواتە لەکە وەکو چەمکی نەرێنی و تایبەتمەندیەکی ناوزڕاندن ناسراوە (کابان & دورتیە، ٢٠١٠: ١٢١). ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی دەڵێت: ***"یەکەم ئاڵنگاری کە توشی دەبین بریتییە لە قۆناغی ئینکاری کردنی دایک و باوک دەربارەی حاڵەتەکە، ئەمەش تەواوی پرۆسەکە ڕادەگرێت، تەنانەت ناتوانی ئاراستەی پزیشکی بکەیت، هەروەها ناتوانی مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ بکەیت"*** **(٢٧).**

**ب- کەمی هۆشیاری و نەبونی زانیاری:** بەشـیکی نمونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن کە ئاسـتی هۆشـیاری هەندێك لە خێزانەکان دەربارەی حاڵەتەکە لە ئاســـتێکی باشـــدایە و بەدوای زانیاریدا چوە شـــارەزایی پەیدا کردوە لە چۆنیەتی مامەڵەکرن لەگەڵ خوێندکارەکەی، ئەوەش ناشارنەوە کە دابینکردنی پێداویستیەکانیان لە خوێندنگەش دەگرنە ئەستۆ لەوانە خێزان لەســـەر ئەرکی خۆی مـامۆســـتـای پەروەردەی تـایبەتی بۆ خوێنـدکارەکەی دابینکردوە، ڕێنمـاییکارێکی پەروەردەیی دەڵێت:***"بەشـێکی خێزانەکان هۆشـیاریان باشـە، باوەڕیان بە تواناکانی خوێندکارەکەیان هەیە و هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدەن لە تێڕوانینی کۆمەڵگە ناترسن"*** (٣).

بەشـێکی تری نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کاتێك خێزان زانیاری و هۆشـیاری پێویسـتی نەبێت بۆ حاڵەتەکان بەدەم داواکارییەکانی ئەوانەوە ناچێت. بە بۆچونی ئەوان ئەمەش ئاڵنگاری بۆ بەرەوپێشچونی حاڵەتەکە دروست دەکات و زۆرجار کێشــە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خوێندکارەکە دروســـت دەکات لە خوێندنگە و وادەکات مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورس بێت. نمونەی چەنـد لێتوێژراوێك دەخەینەڕو: ***"یەکێك لە ئاڵنگاری کە ڕوبەڕوی ئەبینەوە نەبونی زانیارییە بەهۆی ئەوەوەیە منداڵێک ئۆتیزمی هەیە دەیبەن بۆ لای شـــێخ و مەلا لە جیاتی ئەوەی کە ڕێگا دروســـتەکەی لەگەڵ بگیرێتە بەر ئەمەش بە هۆی نەبونی هۆشیارییەوەیە"*** (٢٤).

**شەشەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان**

**دەرئەنجامەکان:**

١- هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان دەستەی کارگێڕی و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە ئاستی پێویستدا نییە. پەیوەندییەکە سروشتی ململانێی پێوە دیارە و چەند هۆکارێك بونی هەیە لە دروستبونی ئەم جۆرە پەیوەندییە؛ لەوانەش بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان و جۆری کەسایەتی سەرکردایەتی (بەڕێوەبەر).

٢- نەبونی هەماهەنگی لەنێوان مامۆســتایان و ڕێنماییکار، بەهۆی تێنەگەیشــتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکار لەلایەن دەســتەی کارگێڕی و مامۆستایانەوە، کە ئەمەش هۆکاری دروستبونی ئاڵنگارییە. چونکە (پلەبەهێزیی ڕۆڵ) ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە ڕۆڵەکە ڕونبێت، بەڵام بەهۆی تێنەگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێنماییکار ڕۆڵەکە پلەی بەهێزیی لە دەست داوە.

٣- بەهۆی سروشـــتی ئەم پەیوەندییە پیشـــەییانەی لە ژینگەی خوێندنگەكاندا هەیە، ڕێنماییكاری پەروەردەیی توشی جۆرێك لە ســـوتانی دەرونی (Burn out) كردوە. جگە لەوەی بەهۆی زۆری ئاڵنگارییەكانەوە هەســـت بە نەبونی ئاسایشیـ كۆمەڵایەتی و دەرونی دەكات لە شوێنی كارەكەی. ئەم جۆرە هەستكردنەش ترس و نیگەرانی لای ڕێنماییكاری پەروەردەیی دروستكردوە، كە بەو هۆیەوە ناتوانێ ئەركەكانی بە تەواوەتی جێبەجێ بكات.

٤- بەردەســـتنەبون و دابیننەكردنی پێداویســـتییە مادییەكان، هۆكاری دروســـتبونی ئاڵنگارین لەبەردەم ڕێنماییكاری پەروەردەیی لە گەشـەپێدانی تواناكانی خوێندكاری خاوەن پێداویسـتی تایبەت. چونكە نەبونی شـوێنی گونجاوی كاركردن هۆكارێكە بۆ ئەوەی ڕێنماییكار نەتوانێت بنەماكانی نهێنیپارێزی جێ بەجی بكات و متمانە دروست بكات.

٥- پێنەدانی مافە داراییەكان یەكێكی ترە لە ئاڵنگارییەكان بەهۆی ئەوەی، كە ڕێنماییكار موچە لە كاتی خۆیدا وەرناگرێت، بۆیە بـەنـاچـاری و بۆ دابینكردنی بژێوی، كـاری دوەم دەكـات. هەروەهـا یەكێكی تر لە لێكەوتەكـانی نەبونی موچە (بایكۆت)ی هۆڵەكانی خوێندن بوە، كە ئەمەش هۆكار بوە بۆ پشتگوێخستنی ئەركە پیشەییەكان لە خوێندنگەكاندا.

٦- وا دەردەكەوێت ڕێنماییكارانی پەروەردەیی شـارەزایی و ئەزمونی تایبەت بە چۆنیەتی گەشـەپێدانی تواناكانی خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەتیان نەبێت. ئەمەش بەهۆكاری بونی جیاوازی لە پسپۆڕی زانكۆیی و بواری كاركردن

٧- یەكێك لە ئاڵنگارییەكانی بەردەم ڕێنماییكاری پەروەردەیی بریتییە لە نكۆڵیكردن و قبوڵنەكردن و شـاردنەوەی حاڵەتی خوێندكارەكە لەلایەن خێزانی خوێندكارەوە، ئەمەش بەهۆی ڕوانین و ئاراسـتەی نێگەتیڤی كۆمەڵگە بۆ كەسـانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٨- ئاسـتی هۆشـیاری خێزانی خوێندكاری خاوەن پێداویسـتی تایبەت وەك پێویسـت نییە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی مامەڵەكردن لەگەڵیدا گران و پڕ ئاڵنگاری بێت. هەروەها هـاوكارینەكردنی ڕێنمـاییكاری پەروەردەیی لەلایەن خێزانی خوێندكار لە ئاڵنگارییەكانن.

## ڕاسپاردەكانی توێژینەوەكە:

١- وەزارەتی پەروەردە كار لەسەر نەهێشتنی ئەو ئاڵنگارییانە، بكات بەتایبەتی ئاڵنگارییە كارگێڕییەكان. هەروەها دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی كاركردن لە پێداویستی ماددی و مەعنەویەكانی ڕێنماییكاری پەروەردەیی.

٢- گرنگیدانی زیاتر بە كاری ڕێنماییكاری پەروەردەیی و ڕەخســـاندنی دەرفەت بۆ بینینی ڕۆڵی خۆی لە خوێندنگەكان لە ڕێگەی هۆشیاركردنەوەی كارگێڕی خوێندنگەكانەوە.

٣- ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان و پرۆگرامی پەرەپێدان بۆ تەواوی ستافی خوێندنگەكان، و گرنگیدان بە هۆشیاركردنەوەی خێزان و كۆمەڵگا سەبارەت بە تێڕوانینەكانیان دەربارەی كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە.

٤- چاكسازیكردن لە سیستمەكە بە شێوەیەكی گشـتی و دابینكردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەت، هەروەها چاكردنی ژینگەی خوێندنگەكان كە بگونجێ لەگەڵ پێداویستییەكانی خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەت.

٥- كاربكرێت بۆ بەرزكردنەوەی هۆشـیاری خێزان و لایەنی كارگێڕی پەروەردە و خوێندنگەكان، تێگەیاندنی مامۆسـتایان و ستافی كارگێڕی خوێندنگە بۆ گرنگی ڕۆڵی ڕێنماییكاری پەروەردەیی لە خوێندنگەكاندا.

## سەرچاوەكان:

ئەبراش، ئیبراهیم (٢٠١٣): میتۆدەكانی توێژینەوە لە كۆمەڵناسی و: دیدار ئەبوزێد، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

بۆدۆن، ڕیمۆن & بۆریكۆ، فرانسوا (٢٠١٩): فەرهەنگی ڕەخنەیی كۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: مستەفا غەفور، چاپی یەكەم، خانەی موكریان بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپخانەی تاران.

حەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٢): تیۆرە كۆمەڵایەتییە پێشكەوتوەكان، و: دیدار ئەبوزێد، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

خلیل، معن، ٢٠٠٩، رەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، و: شەهلا وەلی جەبار، چاپی یەکەم، دهۆك، چاپخانەی خانی.
خمش، مجدەدین خیر (٢٠١٢): کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و: عبداللە خورشید و ئەوانی تر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧): تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی دوەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.
فرج، جمال حبیب الله(٢٠١٠): وشەنامە هۆرامی -کوردیی ناوەڕاست، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، دهۆك، چاپخانەی سپیرێز.
کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان(٢٠١٣): ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە قوتابخانەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠٢٢): یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٢٢) یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، لە وەقایعی کوردستان لە ژمارە (٢٩٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٢/٢٧) بڵاوکراوەتەوە.
ابراهیم، نهى عبدالحمید عبدالعزیز (٢٠٢٢): معوقات تمكين الاخصائي الاجتماعى من اداء دوره مع ذوي الاعاقة المدمجين، المجلة العربية لعلوم الاعاقة والموهيبة، مصر، مجلد ٦، عدد ٢٢.
الببلاوي، ايهاب عبدالعزيز (٢٠١١): الخدمات المساندة لذوي الاحتياجات الخاصة، الطبعة الاولى، الرياض، دار الزهرء.
بلحنيش، أحمد (٢٠١٨): الأخصائي الاجتماعى و أدواره بالمنظمة الاجتماعية، مجلة أفاق علمية، مجلد ١٠، عدد ١.
بوستة، عيسي حميدة (٢٠١٨): دور الخدمة الاجتماعية في رعاية الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة، علم الاجتماع بجامعة بويرة.
حبيب، جمال شحاته (٢٠٠٨): تنظيم المجتمع في المجال المدرسي، القاهرة، دار العبد للنشر و التوزيع.
الحسن، احسان محمد (٢٠٠٥): النظريات الاجتماعية المتقدمة (دراسة التحليلية فى النظريات الاجتماعية المعاصرة)، الطبعة الاولى، عمان، دار وائل للنشر.
حلاق، بطرس (٢٠٢٠): السلوك التنظيمى، السوريا، منشورات الجامعة الافتراضية السورية.
خليفة، محمد البدوى الصافى (٢٠١١): المهارات المهنية للأخصائى الاجتماعى، مصر، المكتب الجامعى الحديث.
دارالمناهج للنشر و التوزيع.
الدخيل، عبدالعزيز عبدالله (٢٠١٢): معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية و العلوم الاجتماعية، الطبعة الثانية، عمان.
ربيع، أميرة احمد (٢٠٢١): تصور مقترح لدور الاخصائي الاجتماعي في رعاية الاطفال ذوى الاحتياجات الخاصة بمدارس التربية الفكرية، مجلة كلية التربية- جامعة دمياط، العدد ٧٨.
ربيع، هادي مشعان (٢٠٠٣): الإرشاد التربوي (مبادئه وأدواره الاساسية)، الطبعة الاولى، عمان، دار العلمية الدولية و دار الثقافة.
رشوان، القرني، و الاخرون، (٢٠٠٤): المداخل العلاجية المعاصرة للعمل مع الأفراد والأسرة، الرياض، مكتبة الرشد.
سرحان، نظيمة أحمد محمود (٢٠٠٦) الخدمة الاجتماعية المعاصرة، الطبعة الاولى، القاهرة، مجموعة النيل العربية.
سليمان، عبدالرحمن سيد(٢٠١٤): معجم مصطلحات الاعاقة العقلية، القاهرة، دار الجوهرة للنشر و التوزيع.
السنهوري، احمد محمد (١٩٩٧): تنظيم المجتمع طريقة علمية للخدمات الاجتماعية، القاهرة، دار النهضة العربية.
العامري، جعفر صادق عبيد (٢٠١٥): معوقات اإلرشاد التربوي في المدارس الثانوية من وجهة نظر المرشدين التربويين، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية واإلنسانية- جامعة بابل.
عبدالجواد، مصطفى خلف (٢٠١١): نظرية علم الاجتماع المعاصر، الطبعة الثانية، عمان، دار المسيرة.
عبدالحميد، يوسف محمد(٢٠٠٣): العلاقة بين استخدام برنامج تدريبى و تحقيق التنمية المهنية للاختصاصين العاملين بالمدن الجامعية، القاهرة، بحث منشور، كلية الخدمة الاجتماعية جامعة حلوان.
عبداللة، حسين الشارف (٢٠٢٠): معوقات الاداء المهنى للآخصائى الاجتماعى بالمجال المدرسي، مجلة بنغازي الحديثة للعلوم والدراسات الانسانية، العدد الثانى عشر.
العقيلي، توفيق عطا الله سالم (٢٠٢٢): المعوقات الادارية التي تواجه دور الأخصائى الاجتماعى فى مراكز التأهيل الشامل، المجلة الدولية لنشر البحوث والدراسات، المجلد٣، العدد ٢٩.
عماد، عبدالغني (٢٠٠٧): منهجية البحث فى علم الاجتماع (الاشكاليات، التقنيات، المقاربات)، الطبعة الاولى، بيروت، دار الطليعة.
الغزاوي، جلال الدين (٢٠٠٤): مهارات الممارسة العمل الاجتماعى، مصر، مكتبة الاشعاع الفنية.

فرج، نجاة محمد (٢٠١٩): التحديات الاجتماعية التى تواجه المرأة الاكاديمية"، مجلة قەڵای زانست العلميه، المجلد ٤، العدد ٤، اربيل، الجامعة اللبنانية الفرنسية.

قندليجى،عامر ابراهيم & السامرائى، ايمان فاضل (٢٠١٨): البحث العلمى الكمى و النوعى، عمان، دار اليازوري.

كابان، فيليب، و، دورتيه، جان فرانسوا (٢٠١٠): علم الاجتماع (من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية اعلام و تواريخ وتيارات) ترجمة:إياس حسن، الطبعة الاولى، سورية-ديمشق، دار الفرقد للطباعة والنشر و التوزيع.

محنشي، محمد على محمد & البشري، هنيدي بن عطية (٢٠٢١): معوقات تمكين الاخصائى الاجتماعي من أداء دوره بالمستشفيات الحكومية، المجلة العربية للاداب والدراسات الانسانية، مجلد ٥، العدد ١٨.

مرعى و اخرون، ابراهيم بيومي (٢٠٠٣): اسس ومجالات العمل مع الجماعات، القاهرة، مركز تشرو توزيع الكتاب الجاميعى.

المعاطى، ماهر (٢٠٠١): الممارسة العامة للخدمة الاجتماعيةفى مجال رعاية الشباب، القاهرة، مكتبة زهراء الشرق.

منصور، سمير (٢٠٠٦): مقياس جودة الآداء المهني للاختصاصى الاجتماعى بالمجال المدرسي، المجلد ٦، القاهيرة، جامعة حلوان.

Adhabi, E. and Anozie, C.B., 2017. Literature review for the type of interview in qualitative research. *International journal of education*, *9*(3), pp.86-97.

Braun, V. and Clarke, V., 2022. Conceptual and design thinking for thematic analysis. *Qualitative psychology*, *9*(1), p.3.

Dahrendorf, R., 2019. Class and class conflict in industrial society. In *Social Stratification, Class, Race, and Gender in Sociological Perspective, Second Edition* (pp. 105-111). Routledge.